گـۆڤـاری زانـكۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin
مجلة جامعة راپەرین

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(5).Paper17

ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: 10/02/2023
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 25/04/2023
ڕێكەوتی بڵاوكردنەوە: 29/10/2024

# گرنگی پەیوەندییە گشتییەكان لە بنیادنانی ناوبانگی كۆمپانیا بازرگانییەكان

**دیاری حامد محمود[1] - ئەحمەد عومەر بالی[2]**

diary.mahood@spu.edu.iq - ahmed.bali@uhd.edu.iq

[1]بەشی ڕاگەیاندن، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی كوردستان، عێراق.

[2]بەشی دیبلۆماسییەت و پەیوەندییە گشتییەكان، كۆلێژی یاساو ڕامیاری، زانكۆی گەشەپێدانی مرۆیی، سلێمانی. هەرێمی كوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانێكە بۆ تێگەیشتن لە گرنگی و بەهای ناو و ناوبانگ بۆ كۆمپانیا بازرگانییەكان. ئەو تێكستە زانستییانەی لەسەر ناوبانگ نوسراون، هەمو جەخت لەسەر بەهاكەی دەكەنەوە بۆ كۆمپانیا بازرگانییەكان. بەتایبەت لەم سەردەمەدا بەهۆی هەبونی كێبڕكێیەكی زۆر لە نێوان كۆمپانیا بازرگانییەكان بە مەبەستی ساغكردنەوەی بەرهەم و خزمەتگوزارییەكانیان بە هاووڵاتیان. هەر بۆیە زۆرێك پێیانوایە هەبونی بەشی پەیوەندی گشتی لە بەشی سەرەوەی هەیكەلی كارگێڕی، پێویستییەكی بێبەهانەیە. چونكە پەیوەندییە گشتییەكان دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە دروستكردنی پەیوەندییەكی تەندروست لەگەڵ جەماوەر، گوێگرتن لە ڕاوبۆچونیان، هەروەها پەرەپێدان و مانەوەی ناوبانگی كۆمپانیاكان.

ئامانجی سەرەكی لەم توێژینەوەیە نیشاندانی بەها و گرنگی ناوبانگە بۆ كۆمپانیا بازرگانییەكان، كە كاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر جەماوەرو بەكاربەری بەرهەم و خزمەتگوزارییەكانیان. لەم ڕوانگەیەوە بایەخی نوسینی توێژینەوە بە زمانی كوردی لەسەر ناوبانگ بۆ كۆمپانیا بازرگانییەكان زیاتر دەردەكەوێت، كە لەنێو توێژەران و ئەكادیمیستان كەمترین بایەخی پێدراوە. لەم توێژینەوەیەدا، كە دەروازەیەكی تیۆرییە و لە ڕێگەی پێداچونەوە بە ئەدەبیاتی پەیوەندییە گشتییەكان و ناوبانگی كۆمپانیاكان نوسراوە، دەركەوتوە

ناوبانگی کۆمپانیا بازرگانییەکان فاکتەرێکی بەهێز و کاریگەرە لەسەر جەماوەر، بۆ بەکارهێنانی بەرهەم و کاڵاو خزمەتگوزارییەکان.

**کلیلە وشە:** پەیوەندی گشتی، ناوبانگ، کۆمپانیا.

## پێشەکی:

سەرەڕای کەمی مێژوی سەرهەڵدانی وەک زانست، پەیوەندی گشتی بەردەوام لە گەشەکردندایە و ڕۆڵ و بایەخەکەی جێی سەرنجی کۆمپانیا بازرگانییەکانە. پەیوەندی گشتی دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە دروستکردن و پەرەپێدان و پاراستنی ناوبانگ، کە هۆکارێکی سەرەکی برەودان و بەردەوامیدانی پرۆژەی سەرمایەگوزارییە. بەها و گرنگی پەیوەندی گشتی لە کۆمپانیا بارزگانییەکان پەیوەندیدارە بە ئاستی تێگەیشتنی کۆمپانیاکەو شوێنی بەشەکە لە هەیکەلی کارگێڕیدا. لە وڵاتە پێشکەوتوەکان پەیوەندی گشتی وەک زانست و وەک پیشەش شوێن پێی خۆی بە باشی کردۆتەوەو کۆمپانیا بازرگانییەکان بە گرنگییەوە لە بەهاکەی دەڕوانن، بە تایبەت لە بنیادنانی ناوبانگیان. لە ئێستادا بەهۆی ململانێ و ڕکابەرییەکی بەهێز لە نێوان کۆمپانیا بازرگانییەکان بە مەبەستی بە دەستهێنانی متمانەی کڕیارو بەکاربەری کاڵاو خزمەتگوزارییەکانیان، زیاتر گرنگی و بەهای ناوبانگیان بۆ دەرکەوتوە. هەر بۆیە زۆرێکیان گرنگی تەواو بە بەشی پەیوەندییە گشتییەکان دەدەن، چونکە پەیوەندییە گشتییەکان کار لەسەر ناساندن و بنیادنانی ناوبانگ دەکات کە لە دورمەودادا دامەزراوەکان دەتوانن قازانجی ماددی یاخود مەعنەوی دەستبخەن. لەم توێژینەوەیەدا دەروازەیەکی تیۆری لە ڕێگەی پێداچونەوە بە ئەدەبیاتی پەیوەندییە گشتییەکان و ناوبانگ خراوەتەڕو، بەمەبەستی نیشاندانی گرنگی و بەهای ناوبانگ بۆ کۆمپانیا بازرگانییەکان.

## بەشی یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوە و پاساوەکانی توێژینەوە

**یەکەم: کێشەی توێژینەوە** زانستی پەیوەندییە گشتییەکان لە وڵاتە پێشکەوتوەکان بەردەوام لە گەشەسەندندایە و گرنگی تایبەتی پێدەدرێت. هەر بۆیە زۆرێک لە دامەزراوە گشتی و تایبەتەکان لە پەیکەری ڕێکخراوەیی دامەزراوەکانیان، بەشی پەیوەندییە گشتییەکانیان لە بەشی سەرەوەی هەرەمەکە داناوەو بە گرنگییەوە لە ڕۆڵ و کاریگەری دەڕوانن. بە پێچەوانەوە، لە زۆر وڵاتانی تردا بەتایبەت وڵاتانی جیهانی سێیەم وەکو پێویست سود لەم زانستە وەرنەگیراوەو تاڕادەیەکی زۆریش لە پەیکەری دامەزراوەکان پشتگوێخراوەو، لەڕوی تیۆریشەوە هەمان جیاوازی بەدیدەکرێت و ئەدەبیاتی پەیوەندیە گشتییەکان بەتایبەتی لە پرسی ناوبانگدا بەپێی پێداویستی و بەرەو پێشچونی دامەزراوەکان دیدگای تیۆریی نوێیان پیشکەش

دەکەن، لەم سۆنگەیەوە کێشەی ئەم توێژینەوەیە گەلاڵە دەبێت بەئامانجی تویوریزەکردنی دیدگایەکی تیۆری لەگەڵ خواست و پێویستی کۆمپانیا بازرگانییەکاندا بێت.

**دوەم: پرسیارەکانی توێژینەوە** ئەم توێژینەوەیە بەدوای وەلامی سێ پرسیاردا دەگەڕێت، کە بەم شێوەیەی خوارەوە داڕێژراوە:

١- ئەو ئەرک و چالاکییانە چین کە پەیوەندی گشتی دەتوانێت لە پێناو دروستبونی ناوبانگ بیانگرێتەبەر؟

٢- چۆن پەیوەندی پێوانەدەکرێت و هەڵدەسەنگێندرێت؟

٣- پەیوەندی لە نێوان پەیوەندی گشتی و پرۆسەی ناوبانگکردن چییە؟

**سێیەم: گرنگی توێژینەوە** گرنگی و بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەدو بواردا خۆی دەبینێتەوە:

١- دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی، بەو پێیەی ئەم ئەم توێژینەوەیە بە زمانی کوردی دەنوسرێت، چونکە سەرچاوە بە کوردی لە بواری پەیوەندییە گشتییەکان و بەتایبەتی پرسی ناوبانگ زۆر کەمن. پەیوەندییە گشتییەکان هێشتا نەبۆتە جێی بایەخی زۆرێک لە دامەزراوە بازرگانییەکان لە ڕوی تیۆری و چەمکەوەو هێشتا لە نێو سەرچاوە و ئەدەبیاتی کوردی_عەرەبی کە زمانی زاڵ و باوی زانستە مرۆڤایەتییەکانە لە کوردستاندا دواکەوتوە بە بەراورد لەگەڵ ئەدەبیاتی پەیوەندییە گشتییەکان. ئەمەش هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەوەی دەروازەیەکی تیۆری لە ئەدەبیاتی ئینگلیزی گەلاڵە بکات بە شێوەیەک لەگەڵ هەلومەرج و سروشتی کۆمپانیا بازرگانییەکانی کوردستان بگونجێت.

٢- ئەم توێژینەوەیە دەبێتە دەروازەیەکی تیۆری بۆ توێژینەوەیەکی فراوانتر کە لە ڕێگەی دیدگایەکی تیۆری نوێوە پێوەر و گریمانە و پاساوی زانستی تیۆریزە دەکات کە لە چوارچێوەی تێزێکی دکتۆرادا دوای شرۆڤەکردنی دۆخ و ئاستی پرسی ناوبانگکردن لە کۆمپانیان بازرگانییەکاندا پێشنیازی ڕێبەرییەکی تیۆری و پراکتیکی پێشکەشیان دەکات.

**چوارەم: ئامانجی توێژینەوە** ئامانجی سەرەکی لەم توێژینەوەیە نیشاندانی گرنگی بەشی پەیوەندییە گشتییەکانە لە بنیادنانی ناوبانگی کۆمپانیا بازرگانییەکان. ئەم توێژینەوەیە ئامانجێتی دەروازەیەکی تیۆری لە ئەدەبیاتی ئینگلیزی لەسەر ناوبانگ گەلاڵە بکات، بە شێوەیەک لەگەڵ هەلومەرج و سروشتی کۆمپانیا بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستان گونجاو بێت.

**پێنجەم: میتۆدی توێژینەوە** ئەم توێژینەوەیە لەڕێگەی پێداچونەوە بە سەرچاوە زانستییەکانی ئەدەبیاتی (Literature Review) پەیوەندییە گشتییەکان دەیەوێت بگاتە ئەو ئەنجامەی کە پاساوەکانی لەسەر

بنیادناوە ئەویش گەڵاڵەکردنی دەروازەیەکی تیۆرییە کە بگونجێت لەگەڵ هەلومارج و خواستی دامەزراوە بازرگانییەکان کە لە ڕێگەی پەیڕەوکردن و پراکتیزەکردنی میکانیزمی تایبەت بە پێواژۆی بەناوبانگکردنی دامەزراوەکان لە کوردستاندا.

**شەشەم: توێژینەوەکانی پێشو** لە ماوەی دو دەیەی ڕابردو خواست لەسەر خوێندنی پەیوەندییە گشتییەکان لەناو زانکۆو پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان پەرەیسەندوە. بەجۆرێک سەرەتا بە هەبونی وانەی سەربەخۆ لەناو بەشی میدیاو دواتر کردنەوەی لقی سەربەخۆ وەک بەشێک لە بەشی میدیاو لەم ساڵانەی دواتریشدا بە کردنەوەی بەشی سەربەخۆ. ئەم زیادبونی خواستە لە خوێندن لەسەر پەیوەندییە گشتییەکان پاڵنەرێکی سەرەکی بوە بۆ ئەکادیمیست و توێژەرەکان بە تایبەت ئەوانەی بە شوێن وەرگرتنی بڕوانامەی باڵاوە بون، نامەو تێزەکانیان تەرخانبکەن بە لێکۆڵینەوەو بەدواداچون لەسەر پەیوەندییە گشتییەکان.

زۆرێک لەو توێژینەوانەی لە بواری پەیوەندییە گشتییەکان لەلایەن ئەکادیمیست و توێژەرانی کوردەوە ئەنجامدراون، دەتوانرێت پۆلێنبکرێن بۆ چەند بابەت و ناونیشانێک لەوانە؛ توێژینەوە لەسەر پەیوەندی، ڕۆڵ یاخود کاریگەری پەیوەندییە گشتییەکان لەسەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن. لە تێزی دکتۆراکەیدا (بەهادین ئەحمەد، ٢٠١٢) بە ناونیشانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت بۆ چالاکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە میدیاییەکان، ئاماژە بە ئاستی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەلایەن دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنەوە دەدات. توێژەر لە کۆتاییدا گەشتوە بە چەند دەرەنجامێک. لە گرنگترینیان بەهۆی گرنگی ئینتەرنێت وەک ئامرازێکی تەکنیکی هاوچەرخ، بەشێوەیەکی بەرفراوان لە چالاکی پەیوەندییە گشتییەکان لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کۆمپانیاکانەوە بەکاردەهێنرێن. هەر لە توێژینەوەیەکی تردا، توێژەر (هەرێم غەفور کەریم، ٢٠١٣) لە نامەی ماستەرەکەیدا بەناونیشانی ڕادەی کاریگەری بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە گەیشتن بە ئامانجەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردی . تیشکی خستۆتە سەر کاریگەری بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەلایەن کارمەندانی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی دەزگاکە. بە هەمان شێوەی توێژەرانی پێشو، لە توێژینەوەیەکی تردا بە زمانی ئینگلیزی، توێژەر (ڕاوێژ کامەران، ٢٠١٧) توێژینەوەی ماستەرنامەکەی تەرخانکردوە بۆ ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بەراوردی کردوە لە نێوان هەردو دامەزراوەی نالیا لە هەرێمی کوردستان و گروپی ستار کیبرس لە وڵاتی قوبرص. توێژەر هەوڵیداوە تیشک بخاتە سەر ڕۆڵ و پێگەی پەیوەندییە گشتییەکان لە ناو دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و بەراوردکارییەک بکات لە نێوان دو دامەزراوە کە هەر یەکەیان و لە وڵاتێکدان. بەپێی دەرەنجامەکان، هەرچەندە یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی پەیوەندییە گشتییەکان دروستکردن وێنایەکی باشە بۆ دامەزراوەکان، بەڵام دامەزراوەی میدیایی نالیا لەو باوەڕەدان کە پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوەکانی

ڕاگەیاندن ناتوانێت بەو ڕۆڵە هەستێت، لە کاتێکدا لە دامەزراوەی میدیای ستار گروپ کار بۆ ئەو ئامانجە دەکرێت.

یەکێکی تر لەو تەوەرو بابەتانەی جێی سەرنجی توێژەران و ئەکادیمیستان بوە، توێژینەوە بوە لەسەر گەشتوگوزارو کەرتی تایبەت و دامەزراوەکانی. بۆ نمونە، توێژەر (لانە سابر، ٢٠١٣) لە تێزی دکتۆراکەیدا بە ناونیشانی پەیوەندییە گشتییەکان و برەودان بە گەشتوگوزار، ئاماژە بە ڕۆڵ و کاریگەری پەیوەندییە گشتییەکان دەدات لە برەودان بە کەرتی گەشتوگوزارو ڕاکێشانی گەشتیار بۆ هەرێمی کوردستان. توێژەر پێیوایە پەیوەندییە گشتییەکان توانیوێتی ڕۆڵی هەبێت لە دروستکردنی وێنایەکی جوانی ناوچە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی پلان و بەرنامەی تۆکمەوە. هەر ئەمەش هاوکار و یارمەتیدەدەر بوە لە بوژانەوەی کەرتی گەشیاری لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی دروستکردنی وێنایەکی باشەوە. هەر سەبارەت بە کەرتی گەشتوگوزار، لە نامەی ماستەرەکەیدا، توێژەر (بۆتان کەریم، ٢٠١٧) قسە لەسەر پەیوەندییە گشتییەکان و کاریگەرییان لە بەدیهێنانی ڕەزامەندی میوان لە ئوتێلە پێنج ئەستێرەکانی شاری سلێمانی دەکات. توێژەر لە توێژینەوەکەیدا بە دوای کۆمەڵێک پرسیارو گریمانەدا گەڕاوە تا بزانێت پەیوەندی گشتی لە چ ئاستێکدا لەلایەن بەڕێوەبەرانی ئوتێلەکانەوە پیادەدەکرێت بۆ ڕاکێشان و مانەوەو دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان ئوتێلەکان و میواناکانیاندا. لە کۆتایدا توێژەر لە یەکێک لە دەرەنجامەکان گەشتوە بەوەی کە هیچ کام لەو ئوتێلانەی ئەو کاری لەسەر کردون، خاوەنی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان نین، بەڵکو بەشێک لە کارو چالاکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان زیاتر لەلایەن بەشی بە بازاڕکردنەوە ئەنجامدەدرێن. هەر سەبارەت بە ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە کەرتی تایبەتدا، (ئاشنا شەوکەت، ٢٠١٥) توێژینەوەی ماستەرنامەکەی تەرخانکردوە بۆ قسەکردن لەسەر ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە بە بازاڕکردنی زانکۆ ئەهلییەکاندا. وەک دەزانرێت بەهۆی ململانێ و کێبڕکێی توندو کردنەوەی چەندین زانکۆی ئەهلی لە هەرێمی کوردستان لەم ساڵانەی دوایدا، بێگومان قسەکردن لەسەر ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لەو نێوەندەدا بەهاو گرنگی خۆی هەیە. توێژەر گەیشتوە بەو دەرەنجامەی هەرچەندە زۆرێک لە زانکۆ ئەهلییەکان بەشی تایبەت بە پەیوەندییە گشتییەکانیان هەیە، بەڵام کارمەندەکانیان لە زۆر بابەتی گرنگ و هەستیاردا پرسیان پێناکرێن و نەبونەتە بەشێکی گرنگ لە نێو هەیکەلی کارگێڕی زانکۆکاندا.

توێژینەوە لەسەر پەیوەندی گشتی و دامەزراوە حکومییەکان و کەرتی گشتی، یەکێکی ترە لە بابەتە سەرنجڕاکێشەکانی نێو توێژینەوەکانی توێژەران و بەگشتی ڕەنگە زۆرترین توێژینەوەی لەسەر کرا بێت. بۆ نمونە توێژەر (ماردین جەوهەر، ٢٠١١) توێژینەوەی ماستەرنامەکەی تەرخانکردوە بۆ قسەکردن لەسەر پەیوەندییە گشتییەکان لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان. هەروەها توێژەر (عومەر حەسەن، ٢٠١٧)

باس لە ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان دەکات لە دامەزراوە ئەمنییەکانداو ئاسایشی وەک نمونە هەڵبژاردوە. هەروەها (لانە سابر، ٢٠٠٥) بە ناونیشانی پەیوەندییە گشتییەکان لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان_ ئیدارەی سلێمانی نمونەی توێژینەوەکەیەتی. بەهەمان شێوە (چرۆ شەهاب، ٢٠١٣) ماستەرنامەکەی تەرخانکردوە بۆ بەکارهێنانی پەیوەندییە گشتییەکان لە بواری دیبلۆماسی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا. هەروەها (ئاواز حسن، ٢٠١٥) ناونیشانی ماستەرنامەکەی بریتییە لە چالاکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان. هەروەها (چنور ئەحمەد، ٢٠١٧) ڕێکارییەکانی پەیوەندی گشتی لە بواری بە بازاڕکردن لە ژینگەی وەبەرهێنانی شاری سلێمانی. بەگشتی توێژەراوانی سەرەوە لەسەر چەند خاڵێک کاریان کردوە یاخود پێی گەشتون لەوانە؛ بەکارهێنانی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە حکومییەکان و ڕۆڵیان لە دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان حکومەت و هاووڵاتیاندا. تا چەند کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان توانیویانە هەستن بە ئەنجامدانی ئەرک و ڕۆڵەکانیان وەک کادری پەیوەندییە گشتییەکان. لەگەڵ ئەو ڕێکارو میکانیزمانە کە لەلایەن کادرانی پەیوەندییە گشتییەکانەوە بەکاردەهێنرێن بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانیان.

تەوەرو بابەتی چوارەم کە هەندێک لە توێژەران بایەخیان پێداوە، پەیوەندی نێوان میدیایی نوێ و پەیوەندی گشتییە. بۆ نمونە توێژەر (دلان ئیسماعیل، ٢٠٢٠) بە ناونیشانی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ پەیوەندییە گشتییەکان _ توێژینەوەیەکی وەسفی _ شیکارییە، ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی ئاست و چۆنێتی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێیە لە کاروباری پەیوەندییە گشتییەکان لە سیستەمی کارگێڕی گشتیدا لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. توێژەر لە ئەنجامدا گەشتۆتە ئەو بڕوایەی کە زۆرینەی لێتوێژراوان ئامرازەکانی میدیای نوێ بەکاردەهێنن و شارەزاییان لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ کاری پەیوەندییە گشتییەکان هەیە.

تەوەری کۆتایی کە لێرەدا ئاماژەی پێدەدرێت بریتییە لە پەیوەندیی و کاریگەری پەیوەندییە گشتییەکان لە کاروباری ئەحزابی سیاسیدا. هەروەک توێژەر (عەباس جومعە، ٢٠١٥) بە ناونیشانی ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە ژیانی سیاسیدا، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری لە نێوان کارگێڕی پەیوەندییە گشتییەکان لە هەردو حیزبی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کردوە. توێژەر لە ئەنجامدا گەشتۆتە ئەو بڕوایەی کە بەکارهێنان و ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان لە هەردو حیزبی پارتی و یەکێتی ناڕون و لێڵە.

بە وردبونەوەو تێڕوانین لە تەواوی ئەو تەوەرو بابەتانەی لە بواری پەیوەندییە گشتییەکان، توێژەران و ئەکادیمیستانی کورد کاریان لەسەر کردوە، درک بەوە دەکرێت کە بە هیچ جۆرێک کار لەسەر ڕۆڵ و پێگەی

ناوبانگ بۆ کۆمپانیا بازرگانییەکان نەکراوەو فەرامۆشکراوە. لە کاتێکدا لە ماوەی دو دەیەی ڕابردو، بە دیاریکراوی لە پاش ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ و یەکگرتنەوەی هەردو ئیدارەی حکومەتی هەرێم (هەولێرو سلێمانی) لە ساڵی ٢٠٠٦، کرانەوەیەکی گەورەی ئابوری ڕوی لە هەرێمی کوردستان کردو دەیان و سەدان کۆمپانیای گەورەی بیانی و خۆماڵی لە هەرێم دامەزران. ئەم دو خاڵەش کرانەوەی ئابوری بە ڕوی هەرێم و فەرامۆشکردنی ڕۆڵ و پێگەی ناوبانگی کۆمپانیا بازرگانییەکان، پاڵنەری سەرەکین لە تەرخانکردنی ئەم توێژینەوەیەو دەرخستنی گرنگ و بەهاکەی لە بواری زانستی و پراکتیکیشدا.

### حەوتەم: چەمکەکان

١- پەیوەندی گشتی: دەربارەی ناوبانگە، هەر شتێک کە دەیڵێیت، هەر شتێک کە دەیکەیت و ئەوانی تر چی دەڵێن دەربارەت. هەروەها بریتییە لە پلان و هەوڵدانێکی بەردەوام بۆ دروستکردن و مانەوەی وێنەی باش و تێگەیشتن لە نێوان ڕێکخراو و جەماوەر.

٢- ناوبانگ: بریتییە لە کۆکراوەی کۆمەڵێک بۆچونی خەڵک (گروپێک یان چەند گروپێکی دیاریکراو) لەسەر کۆمپانیا، دامەزراوە یا ڕێکخراوێک، کە بە تێپەڕبونی کات بنیاد دەنرێت، لەسەر بنەمای ناسنامەی کاری شوێنەکە، ئەدای کارکردنی و هەروەها تێگەیشتنی خەڵک لە ڕەفتارەکانی.

## بەشی دوەم: تیۆرینامە

لەم بەشەدا هەوڵدەدرێت پێداچونەوە بەو دەق و تێکستە زانستی و ئەکادیمییانە بکرێت کە لەسەر پەیوەندی گشتی و ناوبانگی کۆمپانیا نوسراون. هەروەها دابەشکردنی تیۆرینامەکە بۆ چەند تەوەرێکی جیاواز کە هەر یەکەیان بتوانن وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە بدەنەوە.

### یەکەم: چەمک و پێناسەی پەیوەندی گشتی

پەیوەندی گشتی وەکو زانست مێژوییەکی کەمی هەیەو سەرەتاکانی دەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەم لە ئەمریکا. پەیوەندی گشتی هەروەک مێژوەکەی، چەمک و پێناسەکەشی جێگای مشتومڕە و زۆرترین پێناسەی لە بارەوە کراوە. ئەمەش دەتوانرێت بەو واتایە لێکبدرێتەوە کە زانستێکی زیندوەو بەردەوام لە گەشەکردندایە. هەروەک جەیمس گرونگ پرۆفیسۆری بواری پەیوەندی گشتی لە زانکۆی ماریلاند ئاماژەی بۆ دەکات پەیوەندی گشتی لە ئێستادا زانستێکی ئاڵۆزە کە هەزاران کەس لە سەرانسەری دنیادا پراکتیزەی دەکەن. هەروەها ئاماژە بەوە دەدات کە ئەوانەی لە بواری پەیوەندی گشتی کار دەکەن دابەشبون بەسەر چەندین کەرت و شوێنی جیاوازدا لەوانە؛ کارکردنی

فەرمانبەرانی پەیوەندی گشتی لە ناو دامەزراوەکان، کارکردن بۆ ئاژانسەکانی تایبەت بە پەیوەندی گشتی، حکومەت و ئاژانسەکان، کۆمپانیا بازرگانییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و قازانج نەویستەکان، زانکۆو ناوەندە ئەکادیمییەکان، کەرتی تەندروستی و نەخۆشخانەکان، هۆتێلەکان و چەندین شوێنی تر (James, E. Grung, 2001).

بەر لەوەی پێناسەی پەیوەندی گشتی بکەین، گرنگە ئاماژە بە خاڵێکی سەرەکی بکرێت. پەیوەندی گشتی لێکدراوی دو وشەیە، کە ئەوانیش (پەیوەندی)و (گشتی)ین. وشەی پەیوەندی بە واتای هەبونی پەیوەندی لە نێوان دو لایەن یاخود زیاتر، هەر چی وشەی (گشتی)یە بە واتای گروپێک یاخود چەند گروپێکی دیاریکراوە کە بەمەبەست دیاریدەکرێن، کە ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ لەگەڵ دامەزراوەکە کاریگەری و پەیوەندییان لەسەر یەک هەیە.

ریکس هارلۆ کە بە یەکێک لە ڕابەرانی بواری پەیوەندی گشتی دادەنرێت و دامەزراێنەری کۆمەڵەی پەیوەندییە گشتییەکانی ئەمریکا (PRSA) یە، ئاماژە بەوە دەکات لە تەمەنی زانستی خۆیدا نزیکەی (٤٧٢) پێناسەی جۆراو جۆری لە بوارەکەدا دۆزیوەتەوەو لە ئەنجامدا خۆی بەمجۆرە پێناسەی پەیوەندی گشتی دەکات (Butterick, 2011)؛

*پەیوەندی گشتی کردارێکی کارگێڕیی جیاوازە، کە یارمەتیدەرە لە بنیادنان و مانەوەی هێڵی پەیوەندی دولایەنە، تێگەیشتن، پەسەندکردن و هاوکاریکردن لە نێوان دامەزراوەکەو جەماوەرەکەیدا. بەڕێوەبردنی کێشەو گرفتەکان دەگرێتەوە، یارمەتی بەڕێوەبردن دەدات بەپێدانی زانیاری و وەڵامدانەوەی ڕایگشتی، بەرپرسیارێتی کارگێڕی دیاریی دەکات و تەئکیدیان لێدەکاتەوە بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتی، یارمەتی بەڕێوەبردن دەدات کە بەشێوەیەکی کاریگەر شان بەشان لەگەڵ گۆڕانکارییەکان هەنگاو بنێت، وەک سیستەمێکی وریاکەرەوە (ئاگادارکردنەوە) خزمەت دەکات کە یارمەتیدەرە لە پێشبینکردنی شتە باوەکان، هەروەها توێژینەوەو تەکنیکی پەیوەندیکردنی ئاکاری لە ئامرازە بنەڕەتییەکانێتی.*

لە پێناسەیەکی تردا (Scott M. Cutlip, Allen H. Center, Glen M. Broom) لە کتێبەکەیان بە ناونیشانی (Effective Public Relations) دەڵێن؛

*پەیوەندی گشتی کردارێکی کارگێڕییە کە دەستنیشانکردن، بنیادنان و مانەوەی پەیوەندی بەسودی دولایە لە نێوان دامەزراوەو جەماوەرە جیاوازەکانییەوە لەسەرە، کە سەرکەوتن و شکستی پێوە بەندە.*

هەر لە کتێبی (Managing Public Relations) لە نوسینی نوسەران ( James E. Grunig, Todd Hunt) سەبارەت بە پێناسەی پەیوەندی گشتی جەخت لەوە دەکەنەوە کە بریتییە لە ،،بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکان لە نێوان دامەزراوەو جەماوەرەکەیدا،،.

لە لایەکی تریشەوە چەندین دامەزراوەی گەورەی تری جیهانی پێناسەیان کردوە وەک Institute of Public Relations IPR کە دەڵێت؛

*پەیوەندی گشتی کاریگەری لەسەر ڕەفتار دادەنێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان بەهۆی بەڕێوەبردنێکی بەهێزو کاریگەر لە پەیوەندی و پەیوەندیکردن.*

*هەر هەمان دامەزراوەی* Institute of Public Relations IPR لە پێناسەیەکی تردا ئاماژە بە (ناوبانگ) دەکات و دەڵێت؛

*پەیوەندی گشتی دەربارەی ناوبانگە، هەر شتێک کە دەیڵێیت، هەر شتێک کە دەیکەیت و ئەوانی تر چی دەڵێن دەربارەت، هەروەها بریتییە لە پلان و هەوڵدانێکی بەردەوام بۆ دروستکردن و مانەوەی وێنەی باش و تێگەیشتن لە نێوان ڕێکخراو و جەماوەر.*

*پەیوەندی گشتی کردارێکی کارگێرییە کە دروستکردن و مانەوەی پەیوەندی بەسودی دولایەنە لە نێوان ڕێکخراو و جەماوەر دادەمەزرێنێت کە شکست و سەرکەوتنی پێوە بەندە.* (Cutlip et al, 2006, 6).

وەک لەسەرەتاشەوە ئاماژەی بۆ کرا، پەیوەندی گشتی چەندین پێناسەو شرۆڤەی جیاوازی لەلایەن ئەکادیمیست و ناوەندە ئەکادیمی و پیشەوەرەکانەوە بۆ کراوە. کە هەر یەکەیان لە دیدو تێروانین خۆیانەوە پێناسەیان کردوە بەڵام لە کۆتاییدا لە ڕەگەزێک یاخود چەند ڕەگەزێکی دیاریکراودا یەکیان گرتۆتە. هەر بۆیە لە پێناسەیەکی تردا کە لە ساڵی ١٩٨٧ لە کۆبونەوەی ساڵانەی کۆمەڵەی پەیوەندییە گشتییەکان لە مەکسیک، ئەکادیمیستەکان و پیشەوەرانی بوارەکە لەسەر پێناسەیەک ڕێککەوتن کە بە پێناسەی مەکسیک ناسراوەو بەمجۆرە پەیوەندی گشتی دەناسێنێت.

*بریتییە لە هونەرو زانستێکی کۆمەڵایەتی کە لێکۆڵینەوە لە خواست و ئارەزوەکان دەکات لەگەل پێشبینی دەرەنجامەکانیان، ڕاوێژو ئامۆژگاری دەدات بە سەرو خۆی، پلانی بەرنامە بۆ دانراو دەخاتە بواری جێبەجێکردنەوە بە جۆرێک خزمەت بە بەرژەوەندی ڕێکخراو و جەماوەر بکات.* ( Shirley Harrison, 2000,2).

هەروەها (Wilcox and Cameron, 2009; 7) ئاماژە بە چەند (کلیلە وشەیەکی سەرەکی) دەکەن کە هەڵهێنجراوی پێناسەکانی پەیوەندی گشتییە. دەتوانرێت لە ڕێگەی تێگەیشتن لەم کلیلە وشانە زیاتر لە تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی پەیوەندی گشتی تێبگەین لەوانە:

- **بە مەبەست:** کاروچالاکی پەیوەندی گشتی خۆڕسکانە نییە بەڵکو مەبەستدارە. داڕێژراوە بۆ دروستکردنی کاریگەری و بەدەستهێنانی تێگەیشتن لە ڕێگەی پێدانی زانیاری و گەڕانەوەی فیدباک.
- **پلان داڕێژراو:** چالاکییەکانی پەیوەندی گشتی ڕێکخراون. چارەسەر بۆ گرفتەکان دانراوەو لە ڕوی لۆجستییەوە ئامادەکارییان بۆ کراوە. لەگەڵ ئەو چالاکییانەی کە بە درێژای کات ئەنجامدەدرێن، سیستەماتیکەو پێویستی بە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەیە.
- **ئەدای جێبەجێکردن:** کاریگەرێتی پەیوەندی گشتی پەیوەستە بە سیاسەتی ڕاستەقینەو ئەدای جێبەجێکردنەوە. ئەستەمە پەیوەندی گشتی هیچ پاڵپشتی و چاکەیەک بەدەستبهێنێت بێ گوێدان و وەڵامدانەوەی کێشەکانی کۆمەڵگا.
- **بەرژەوەندی گشتی:** هەروەک لە پێناسەی مەکسیکیش ئاماژەی بۆ کراوە پەیوەندی گشتی پێویستە گرنگی بە بەرژەوەندی گشتی بدات و تەنها گرنگی بە بەرژەوەندییەکانی دامەزراوەکە نەدات. بەمجۆرە شێوازی پەیوەندییەکە دولایەنە دەبێت و لە ڕوی ئاکاریشەوە تەواو دەبێت.
- **پەیوەندیکردنی دولایەنە:** پەیوەندی گشتی زیاتر دەبێت گواستنەوەی زانیاری دولایەنە بێت. گرنگە ڕەچاوی فیدباکی جەماوەر بکرێت و بە هەندوەربگیرێت.
- **ئەرکی بەڕێوەبردن:** پەیوەندی گشتی کاریگەرتر دەبێت کاتێک ڕاسپاردەو پێشنیارەکانی لەلایەن کاربەدەستە باڵاکانی دامەزراوەکەوە بڕیاریان لەسەر بدرێت و جێبەجێ بکرێن. نەک تەنها لە کاتی گواستنەوەی زانیاری گرنگی بە پەیوەندی گشتی بدرێت.

## دوەم: ئەرک و ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان

لەم تەوەرەیەدا وڵامی پرسیاری یەکەم دەدرێتەوە کە تایبەتە بە ئەرک ڕۆڵی پەیوەندی گتشی لە پرسی ناوبانگدا کە لە چەند ڕەگەزێکی سەرەکی لە تەواوی پێناسەکانەوە گەڵاڵە کراوە و یارمەتیدەرە بۆ زیاتر تێگەیشتن لە ڕۆڵ و کاریگەری پەیوەندییە گشتییەکان لە ناو هەر دامەزراوەیەکدا. لە لایەکی ترەوە ئەم ڕەگەزە سەرەکییانە دەرخەری ئەوەن کە کارکردن لە بوارەکەدا زۆر فراوانە. هەروەک ( Lubbe and Puth, 2002, 10) ئاماژەیان بەوە کردوە کە کارکردنی کارمەندانی بواری پەیوەندی گشتی چەندین چالاکی و کرداری جیاواز لە خۆ دەگرێت؛ لەوانە:

### 1. توێژینەوە

هەنگاوی یەکەم و سەرەکی لە بواری پەیوەندی گشتی لە هەر دامەزراوەیەک بریتییە لە توێژینەوە چونکە ڕاستەوخۆ کارکردن و مامەڵە کردنە لەگەڵ خەڵک یاخود دامەزراوەی تر. سەرەڕای ئەوەی هەنگاوی یەکەم لە هەر پرۆژەو چالاکییەک بە توێژینەوە دەستپێدەکات لە پێناو دەستنیشانکردنی گروپەکان، کۆکردنەوەی زانیاری لەسەریان و تێگەیشتن لە ڕاوبۆچون و هەڵسوکەوتیان.

### 2. دانانی پلانی ستراتیژی

لەگەڵ دەستپێکی هەنگاوی یەکەم و پاش کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکان، ئەوا هەنگاوی دوەم بەکارهێنانیانە بۆ دانان و دارشتنی پلانی ستراتیژی دامەزراوەکە. لێرەدا چەندین پرسیاری گرنگ و جەوهەری پێویستە وەڵامبدرێنەوە لەوانە؛ ئێستا دامەزراوەکە لە کوێدایە؟ چۆن گەشتوین بە ئێرە؟ ئەی دەمانەوێت لە داهاتودا بگەینە کوێ؟ بە کام میکانیزمە دەتوانین بگەینە ئەو شوێنە؟

### 3. ڕاوێژکاری

کارو چالاکییەکی تری پەیوەندی گشتی پێدانی ڕاوێژە بە کەسانی سەرو خۆی، کە پێویستە لە پلان و بەرنامەی بۆ دانراو تێبگەن و ڕەزامەند بن لە ئەنجامدانی.

### 4. هەڵسەنگاندن

بەشێکی تر لە کارو چالاکییەکان بریتییە لە هەڵسەنگاندن بۆ هەر پلان و بەرنامەیەکی دانراو لە کاتی جێبەجێکردن و لە پاشدا. بۆ ئەوەی سەرجەم لایەنە بەهێزو لاوازەکان، ئاست و کاریگەری پەیام و میکانیزمەکان، ڕۆڵی کارەکتەرە بەشداربوەکان دەستنیشان بکرێت.

### 5. پەیوەندی میدیایی

یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی کارمەندان و پیشەوەرانی بواری پەیوەندی گشتی بریتییە لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوەکانی میدیادا. لێرەدا پێویستە ڕەچاوی پەیوەندییەکە بکرێت کە دولایەنە بێت بەو واتایەی کارمەندانی پەیوەندی گشتی سود لە میدیا وەربگرن بۆ گەیاندنی پەیام و زانیارییەکان بە جەماوەرەکانیان، لە هەمانکاتیشدا میدیا لە کاتی پێویستدا زانیاری لە کارمەندانی پەیوەندی گشتی وەربگرێت و بیگوازێتەوە بە تایبەت لە کاتە نەخوازراوەکاندا کە جەماوەری هەر دامەزراوەیەک پێویستی بە زانیاری ڕاست و دروستە.

### 6. ڕێکخستن

سەرەڕای ئەو کارو چالاکییانەی سەرەوە، پەیوەندی گشتی بەشێکی زۆر لە ڕێکخستن و بە ئەنجامگەیاندنی چەندین بۆنەو چالاکی تری لەسەرە وەک کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی، ڕێکخستنی بۆنەکان، ساڵیادو یادکردنەوەی دامەزراندن یان هەر دەستکەوتێکی تر، بۆنەی تایبەت بە کاری خێرخوازی و کۆکردنەوەی داهات و چەندین چالاکی تر (Cutlip et al. 2006; 36).

### 7. ڕاهێنان

بەهۆی زۆری مامەڵە کردن لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دەرکەوتن لەبەردەم جەماوەردا، کارمەندانی پەیوەندی گشتی ڕۆڵیان هەیە لە ڕاهێنان و پەرەپێدانی تواناکانی بەڕێوەبەرانی هەر دامەزراوەیەک. بە تایبەت لە کاتی پێشکەشکردنی وتار یاخود کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکان.

## سێیەم: پێوانەکردنی پەیوەندی

لەم تەوەرەیەدا وڵامی پرسیاری دوەم دەدرێتەوە کە ڕێگاکانی پێودانگکردنی کارای پەیوەندی گشتی دەگاتە ڕو و، بەو پێیەی لە هەر پەیوەندییەکدا زانینی ئاستی خودی پەیوەندیی گرنگە، لەوەش گرنگتر چۆنێتی پێوانەکردنی ئەو ئاستەیە. ئەگەر میکانیزمی پێوانەکردنی پەیوەندیکردن لە نێوان تاکەکان تاڕادەیەک قورس بێت، ئەوا بۆ دامەزراوەکان کە پەیوەندییان لەگەڵ چەندین گروپ و دامەزراوەو تاکی جیاوازدا هەیە زۆر ئەستەمترە. (Baily; 2018) ئاماژە بە گرنگی پێوانەکردنی پەیوەندی دەدات لە پێناو دەرکەوتنی ئاستی بەرەوپێشچونی پەیوەندییەکە، سەلماندنی کاریەگەرێتی و گەیاندنی بەهاکەی. لەلایەکی تریشەوە ( Grunig and Hon, 1999) باس لەوە دەکەن بەهۆی زۆربونی باوەڕی زۆری بەکارهێنەرانی پەیوەندی گشتی و ئەکادیمیستەکان کە ئامانجی سەرەکی لە پەیوەندی گشتیدا بریتییە لە (بنیادنی پەیوەندی، بەردەوامیدان بۆ ماوەیەکی دور مەودا لەگەڵ گروپی دیاریکراو)دا، گرنگە پێوانەی ئاستی پەیوەندی بکەین. هەر بۆیە هەستاون بە دەستنیشانکردنی شەش فاکتەری سەرەکی بۆ پێوانەکردنی ئاستی پەیوەندییەکە لەوانە:

### 1. کۆنترۆڵی هاوبەشی (دولایەنە)

تا چەند لایەنەکان ڕەزامەندو کۆکن لەسەر ئەوەی کێ دەسەڵاتی بەجێی هەیە بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر ئەوی تر هەبێت. هەرچەندە هەندێک ناتەوازنی شتێکی سروشتییە، پەیوەندی جێگیر پێویست دەکات کە دامەزراوەکەو جەماوەرەکەی کە کۆنترۆڵیان بەسەر یەکەوە هەبێت.

### 2. متمانە

لە سێ ڕوە گرنگە لایەنەکان متمانە و باوەڕیان بە یەکتر هەبێت لەوانە؛ **نەزاهە** واتە باوەڕت وابێت کە ڕێکخراوەکە دادپەروەرانەیە. **پشت بەستن** واتە متمانەت هەبێت کە ڕێکخراوەکە ئەو شتە دەکات کە دەڵێت دەیکات. **لێهاتویی** واتە متمانەت هەبێت کە دامەزراوەکە دەتوانێت ئەو شتە بکات کە دەڵێت دەیکەم.

### 3. ڕازیبون

تا چەند هەر لایەنێک هەست دەکەن بەرەو ڕوی یەکتر دەڕۆن چونکە پێشبینی باش لەسەر پەیوەندی بۆ خۆی دوپاتکردنەوەیە لەسەر بەردەوامی. پەیوەندی ڕازیکەر شتێکە کە قازانجەکەی لە تێچوەکەی زیاترە.

### 4. پابەندبون

تا چەند لایەنەکان هەست و باوەڕیان وایە کە پەیوەندییەکە شایەنی ئەوەیە کە وزەی تێدا سەرفبکرێت بۆ ئەوەی بەردەوام بێت و گەشەبکات.

### 5. پەیوەندی گۆڕینەوە

لە پەیوەندی گۆڕینەوەدا، لایەنێک سود بە لایەنەکانی تر دەگەیەنێت تەنها لەبەر ئەوەی لایەنەکەی تر لە ڕابردودا سودی پێگەیاندوە یاخود چاوەڕێی لێدەکرێت لە داهاتودا بیکات.

### 6. پەیوەندی کۆمەڵگە

لە پەیوەندی کۆمەڵگە، هەردو لایەن سود بەیەک دەگەیەنن لە بەر ئەوەی گرنگی بە خۆشگوزەرانی یەکتر دەدەن ئەگەر لە حاڵەتێکیشدا هیچیان نەبو بۆ یەکتری بگەڕێننەوە.

## چوارەم: پەیوەندی گشتی و ناوبانگ

لەم تەوەرەدا وەڵامی پرسیاری سێیەم دەدرێتەوە کە بەدوای دۆزینەوە و خستنە ڕوی پەیوەندی نێوان پەیوەندی گشتی و پرۆسەی به ناوبانگکردن و ڕێگاکانی دەگەڕێت. چونکە لە ماوەی دو دەیەی ڕابردودا خواستی وەبەرهێنەران لە بەرزبونەوەی ئاستی شەفافییەت و گرنگیدانی زیاتریان بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، هەمو ئاماژەی گرنگ بون لە کۆمپانیاکان کە بەدوای بنیادنان و مانەوەی ناوبانگێکی بەهێزەوەن (Argenti, A. and Druckenmiller, B., 2004, 368). هەروەها ئەکادیمیستەکان و پیشەوەرانی بواری پەیوەندی گشتیش بە هەمان شێوە بایەخێکی بەرچاویان داوە بە بەڕێوەبردنی ناوبانگ.

هەر بۆیە لە بواری ئەکادیمیدا ڕۆژنامە (جۆرناڵێکی) نوێ بە ناوی (Corporate Reputation Review) لە ساڵی ١٩٩٧ دەرکرا. هەروەها دەتوانرێت بوترێت ژمارەیەکی یەکجار بەرچاو وتارو لێکۆڵینەوەی زانستی

لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی پەیوەندیکردن و بازرگانی لەو بارەیەوە بڵاوکرانەوە. هەرچی لەلایەنی پیشەوەەرانیشەوەیە، پاش چەند ساڵێک بڵاوکراوەیەکی بازرگانی پەیوەندی گشتی بەناوی بەڕێوەبردنی ناوبانگ بڵاوکرایەوە (Hutton et al, 2001, 248). ئەم بایەخ و گرنگیدانەی ئەکادیمیست و پیشەوەرانی پەیوەندی گشتی دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە ناوبانگ سەنتەرێکی گرنگی بەرێوەبردنی بواری پەیوەندی گشتییە. هەروەک لە پێناسەی پەیمانگای پەیوەندی گشتی ئاماژەی بۆ کراوە (پەیوەندی گشتی دەربارەی ناوبانگە).

هەرچەندە بەپێی لێکۆڵینەوەکان بەکارهێنانی چەمک و وشەی (بەڕێوەبردنی ناوبانگ) لە ناو دامەزراوەو بەشەکانی زۆر کەمە یاخود بونی هەر نییەو پەیوەندییەکی کەم هەیە لە نێوان تیۆری بەرێوەبردنی ناوبانگ و دۆخی ڕاستەقینەی ناو دامەزراوەکان. بەڵام ئەمە لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە کە بەرێوەبردنی ناوبانگ بونی هەیەو کردارێکی گەشەکردوە لەگەڵ زانستی دامەرزاوەکان، بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستیەش کە تەنها بەشێکی کەم لە فەرمانبەرانی دامەزراوەکان ئەرکی خۆیان وەک بەرێوەبردنی ناوبانگ پێناسە دەکەن (Hutton, et al. 2001).

ناوبانگ پرۆسەیەکی جوڵاوی بەردەوامە، پەیوەستە بە پێداچونەوەو دوبارە هەڵسەنگان دەربارەی ناوبانگ و وێنەی دامەزراوەیەک لە کاتی هەبونی ئەزمونێکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لەگەڵیدا (Dowling, 1994). یان دەوترێت ناوبانگ ئاماژەیە بە بڕیاردان لەسەر سیفەتەکانی دامەزراوەیەک، متمانەپێکردن و ڕاستگۆیی کە بەدرێژایی کات دروست دەبێت (Temi Abimbola Akin Kocak, 2007). هەروەها (Druckenmiller, 2004) دەڵێت ناوبانگ بریتییە لە کۆکراوەی کۆمەڵێک بۆچونی کڕیار لەسەر کۆمپانیایەک کە بە تێپەڕبونی کات بنیاددەنرێت، لەسەر بنەمای ناسنامەی کاری کۆمپانیاکەو ئەدای کارکردنی، هەروەها تێگەیشتنی کڕیارەکان لە ڕەفتارەکانی.بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت بوترێت ناوبانگ بریتییە لە دەرەنجامی کاروچالاکییەکانی دامەزراوەکان. هەروەک پەیمانگای پەیوەندی گشتیش دەڵێت ناوبانگ دەرەنجامی ئەوەیە کە دامەزراوەکان (هەر شتێک کە دەیکەن، هەر شتێک کە دەیڵێن).

چەند ڕەهەندێکی سەرەکی هەیە کە بەستراوەتەوە بە ناوبانگ و کاریگەرییان لەسەری هەیە وەک (Fombrun and van Riel, 2003) ئاماژەیان بۆ دەکات:

1. **بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان:** دەتوانین بڵێین شتێکی بەڵگە نەویستە کە کوالیتی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان و ئاستی پێشکەشکردنیان کاریگەری هەیە لەسەر ناوبانگی هەر دامەزراوەیەک.

2. **ئەدایی دارایی:** چۆنێتی بەڕێکردنی کاروبارە داراییەکانی دامەزراوەکان، فاکتێکی بەهێزو کاریگەرە لەسەر ناوبانگی دامەزراوەکان.
3. **تێڕوانین و سەرکردایەتیکردن:** تێڕوانین و سەرکردایەتیکردنی دامەزراوەکان بۆ ئێستا و داهاتو کاریگەرن لە بنیادنانی ناوبانگ.
4. **ژینگەی کارکردن:** بە هەمان شێوەی ڕاستییەکانی سەرەوە ژینگەی کارکردن ڕۆڵی هەیە لە دیاریکردنی ئاستی ناوبانگی هەر دامەزراوەیەک.
5. **بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی:** لە ئێستادا بەشێکی زۆر لە کۆمپانیاو دامەزراوەکان گرنگی و بایەخێکی تایبەت دەدەن بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی. سەرەڕای بەشداریکردن لە کارو چالاکییەکان، لە هەمانکاتدا بە فاکتێکی گرنگیشی دەزانن بۆ پاراستنی ناوبانگیان. وەک ( Eisenegger and Schranz, 2011) ئاماژەی پێدەدات ترسان لە لەدەستدانی ناوبانگ و وێنە، فاکتێکی گرنگە بۆ هاندانی کۆمپانیاکان کە پابەند بن بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی.
6. **بەدەستهێنانی متمانە:** لە ڕێگەی بەدەستهێنان و جولاندنی هەست و سۆز لە پێناو بەدەستهێنانی ناوبانگ فاکتێکی تری گرنگە.

هەروەها لە ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لە ساڵی (٢٠٠٦)کە لەلایەن ( Shandwick and the reputation Institute) ئەنجامدراوە دەرکەوتوە کە چەند فاکتێکی تر کاریگەرییان هەیە لەسەر بەدەستهێنانی ناوبانگی باش لەوانە: (پەیوەندیکردن لەگەڵ مشتەری و گوێگرتن لە ڕاوبۆچونیان، بەڕێوەبردنێکی بەهێز، بەجێگەیاندنی پەیام، پەرەپێدان بە پەیوەندی میدیایی و ناوبانگی کەسی یەکەمی دامەزراوەکە). بە تێڕوانین لەم ڕاستییانەی سەرەوە دەردەکەوێت کە دروستبونی ناوبانگ و بەڕێوەبردنی کارێکی ئاسان نییە بەڵکو پرۆسەیەکی دورودرێژو بەرنامە بۆ داڕێژراوە کە پێویستی بە هەوڵ و ماندوبونێکی زۆر هەیە. دەکرێت ناوبانگ وەک وێنەیەک ببینین کە ئەو فاکتانەی سەرەوە هەمو بەشەکانی وێنەکەن، لە کاتی ناتەواوی لە هەر یەکێک لەو بەشانە دەبینین وێنەکە درزی تێدەبێت لە چاوی جەماوەری دامەزراوەکەدا.

## ئەنجام:

یەکەم: دەتوانرێت بوترێت ناوبانگ یەکێکە لە فاکتەرە سەرەکییەکان کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر باری دارایی کۆمپانیاکان هەیە. هەروەک بەپێی توێژینەوەیەکی هاوبەشی کۆمەڵەی (PRCA) بەریتانی و پەیمانگای (YouGov) لە ساڵی (٢٠١٤) سەبارەت بە گرنگی و بەهای ناوبانگ بۆ کۆمپانیا بازرگانییەکانی

بەریتانیا، لە سەدا (٧٦) بەشداربوان پێیانوایە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان باری دارایی کۆمپانیاو ناوبانگ هەیە.

دوەم: پەیوەندی گشتی دەتوانێت لە زۆر ڕووەوە خزمەت بە کۆمپانیا بازرگانییەکان بکات؛ وەک دروستکردنی پەیوەندی بەسودی دولایەنە لەگەڵ جەماوەر، دروستکردنی ناو و ناوبانگ و پەرەپێدان و پاراستنی. هەروەک (Alastair McCapra) بەڕێوەبەری جێبەجێکار لە پەیمانگای چارتەر بۆ پەیوەندییە گشتییەکان (CIPR) ئاماژە بەوە دەکات کە هەمو دامەزراوەکان، گرنگ نییە گەورە بن یاخود بچوک لە کۆتاییدا مانەوەو سەرکەوتنیان بەندە بە ناوبانگیانەوە کە ئەمەش پەیوەندی گشتی دەتوانێت ڕۆڵی تێیدا هەبێت.

سێیەم: ناوبانگ پرسێکی گرنگەو فاکتەرێکی بەهێزو کاریگەرە لەسەر جەماوەر، بۆ بەکارهێنانی بەرهەم و کالاو خزمەتگوزاری کۆمپانیایەکی دیاریکراو. بە پێچەوانەشەوە کاتێک کڕیارو بەکاربەر ئاستی چاوەڕوانیان لە کۆمپانیایەک جار لە دوای جار بەدی دەهێنرێت ئەوا ناوبانگی بەهێز دەبێت. هەروەک ( Argenti, A. and Druckenmiller, B., 2004, 372) باس لە هەڵبژاردنی هێڵی ئاسمانی ڤێرجن ئەتڵەنتیک دەکات وەک یەکێک لە باشترین کۆمپانیا بەناوبانگەکان لە بواری خۆیدا لە ساڵی (٢٠٠١) بەهۆی بەدیهێنانی خواستی بەکاربەرەکانی.

## ڕاسپاردە

1. گرنگە کۆمپانیا بازرگانییەکان بۆ زانینی ئاستی ناو و ناوبانگیان پێوانەو هەڵسەنگاندنی تایبەت بە خۆیان هەبێت و بە بابەیەخەوە لە پرسی ناوبانگ بڕوانن.

## پێشنیار

1. ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی تایبەت بە پرسی ناوبانگی کۆمپانیا بازرگانییەکان و گرنگی پەیوەندییە گشتییەکان لەم نێوەندەدا.
2. گرنگیدان و بایەخی تەواو بە بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە هەیکەلی کۆمپانیا بازرگانییەکان و جێگیرکردنی وەک بەشێکی گرنگ و سەربەخۆ.

# The Importance of Public Relations in Building Corporate Reputation

**Diary Hamid Mahmood[1]- Ahmed Omer Bali[2]**

[1] Media Department ,College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Diplomacy and Public Relations Department، College of law and Politics, Human Development University, Sulaimani. Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

This study examines the importance and value of Public Relations department (PR) in creating reputation within institutions such as commercial companies. Scholars and PR professionals emphasize that PR has a large impact on creating a two-way communication, promoting and maintain good reputation. The main purpose of this theoretical research is that how corporate reputation is seen and to what extent domestic companies in the Kurdistan Region pay attention to it. In this research, PR literature has been reviewed and it is argued that it can be used as a guideline for creating, developing and maintain institutional reputation.

**Keywords:** Public relations, Reputation, Corporate.

## سەرچاوەكان

Argenti, P., Druckenmiller, B. Reputation and the Corporate Brand. *Corp Reputation Rev* **6**, 368–374 (2004). https://doi.org/10.1057/palgrave.crr.1540005.

Geah Pressgrove, Brooke Weberling Mckeever, (2016) Nonprofit relationship management: Extending the organization-public relationship to loyalty and behaviors. Journal of Public Relations Research.

Imhof, K; Eisenegger, M (2008). The true, the good and the beautiful: reputation management in the media society. In: Zerfass, A; van Ruler, B; Sriramesh, K. Public Relations Research: European and International Perspectives and Innovation. Wiesbaden, 125-146.

Jon White, (2005) CEOs' views on reputation management. Journal of Communication Management, December 2005.

James E. Grunig, (2001) The role of Public Relations in Management and Its Contribution to Organizational and Societal Effectiveness. Speech delivered in Taipei, Taiwan, May 12, 2001.

Jeffrey K. Springston, Ruth Ann Weaver Lariscy, (2005) Public Relations Effectiveness in Public Health Institutions. Journal of Health and Human services administration, Fall 2005, Vol. 28, No2. Pp 218-245.

James E. Grunig, Chun-ju Flora Hung (2014) The effect of relationship on reputation and reputation in relationship: A cognitive, Behavioral Study. Researchgate.

Keith Butterick, (2011) Introducing Public Relations theory and practice. SAGE publications. USA.

Kathleen Fearn-Banks, (2009) Crisis Communications A casebook Approach. Third edition, Routledge. New York.

Lan Ni, Zhiwen Xiao, Wenlin Liu, Qi Wang, (2019) Relationship management as antecedents to public communication behaviors: examining empowerment and public health among Asian Americans. Public Relations Review, https://doi.org/10.1016/j.pubrev.2019.101835.

Mark Eisenegger, Mario Schranz, (2011) Reputation Management and Corporate Social Responsibility. ResearchGate.

Oliver Rowe, (2014) the economics of reputation, fieldwork, 8th July _ 22nd August, https://www.slideshare.net/Mattcartmell/the-economics-of-reputation.

Shahram Gilaninia, Mohammad Taleghani, (2013) The Role of Public Relations in Organization. Nigerian Chapter of Arabian Journal of Business and Management Review, September 2013.

Temi Abimbola Akin Kocak, (2007),"Brand, organization identity and reputation: SMEs as expressive organizations", Qualitative Market Research: An International Journal, Vol. 10 Iss 4 pp. 416 – 430.

Temi Abimbola, Christine Vallaster, (2007),"Brand, organisational identity and reputation in SMEs: an overview", Qualitative Market Research: An International Journal, Vol. 10 Iss 4 pp. 341-348 http://dx.doi.org/10.1108/13522750710819685.

W. Timothy Coombs, (2012) Ongoing Crisis Communication planning, managing, and responding. Third edition, SAGE publications. USA.